www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10:50 25-12-2006

## مۆبایل و دڵنەوایی ... نەجات ڕۆستی

najatrosty@yahoo. com



تەنیایی هەموو ژیانی داگیرکردووم، ڕۆژانە لە چواردیواری ئەم ماڵەدا ڕۆژگار بەسەردەبەم، ئیرەیی بەو کچانە دەبەم کە ڕۆژانە دەچن بۆ دەوامی دەمودەزگاکان و یان بە ئازادی دەچنە دەرەوە، چی بکەم ژیانم وا دروست بووە کە خاوەنی باوك و برایەکی هەمیشە بەگومان بم، هەر ئەوان بۆیان هەیە بە کامەرانی بژین. ئەی ئێمە چین؟ خۆزگە بمتوانیایە شۆڕشێکی ژنانەی گەورەم لە دژی ئەو پیاوانە کردبا کە وابیردەکەنەوە.

من هەموو ژیانم بەتەنیایی دەبەمەسەرو هەمیشە گۆشەگیرم، تەنها هاوڕێم ئەو مۆبایلەیە کە بە دزی باوك و براکانم هەمە. ئەو کاتانەی کە تەنیام بەهۆی ئەو مۆبایلەوە، تۆزا لە خەم و خەفەت و تەنیایی ڕزگارم دەکات. هەرچەندە دەزانم مۆبایل هیچ لە ژیانم ناگۆڕا، بەڵام سێبوری دڵم دەدات. ئێستا چەندین هاوڕێم هەیە کە تەنها لەڕێگای مۆبایلەوە دەیانناسم و شێوەم نەبینیون، بەڵام زۆرم خۆش دەوێن چونکە زۆرجار دڵنەوایم دەدەنەوە، هەمیشە دەڵێن لەبەرامبەر ژیانت خۆڕاگربە، دڵنیابە ئەم ژیانەی تۆش بەمشێوەیە کۆتایی دێت، زۆربەی ئەو کاتانەی کە لەگەڵ هاوڕێکانم قسە دەکەم، ئەو کاتانەیە کە کەسمان لە ماڵەوە نییە، هەرچەندە دایکم دەزانا کە مۆبایلم هەیە، بەڵام نە براکانم نە باوکم نازانن. دڵنیام بزانن بە هیچ شێوەیەك ناهێڵن بەکاری بهێنم. دەڵێن مۆبایل شتێکی خراپە بە تایبەتی بۆ کچ، زۆر دڵم بە قسەی هەندا لە هاوڕێکانم خۆشە کە دەڵێن دڵنیابە هەر تۆ وانیت.

سەدان و هەزاران کچی ئەم وڵاتە هاوشێوەی تۆن، ڕۆژا دادا ئێوەش وەك ژنانی ئازاد بژین، چونکە ساڵانێکی زۆر بوو عەقڵییەتی باوکسالاریی زاڵ بوو بەسەر هەموو کوڕەکانیاندا. تەنانەت هاوبەشی ژیانیان کە ژنە بە ئارەزووی خۆیان دەستنیشان نەکردووە، بەڵام لەگەڵ گۆڕان و کرانەوەی کۆمەڵگاو سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای تازە بە ناچاریی دەبا ئەو عەقڵییەتە بگۆڕن. چونکە پێشکەوتنەکان ئەوەندە خێران کە هیچ کەسێك ناتوانا ببێتە لەمپەرێکی هەمیشەیی.

ئەمەو چەندین قسەیتر ڕازی هەزارانی کچی ئەم وڵاتەیە کە تەنها هاوڕای ڕۆژانەی ئامێرێکی ساردوسڕی مۆبایلە کە لەم سەردەمەی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەردا بە دوور لە باوك و براکانی بەکاریبهێنێت.